# هاوڵاتیان نیگەرانن لە هاوردەی چینی

## کاڵای چینی بازاڕەکانی کوردستانی داگیرکردووە

ڕاپۆرت: ئاسۆ
asoahmad2004@yahoo.com



گەمارۆی ئابووری کە لەلایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە سەپێنرا بەسەر عێراقدا، دەرئەنجامی ترسناك و ڕوخێنەری بۆ گەلانی عێراق هەبوو، کوردستانیش وەك بەشێك لەعێراق ئەم گەمارۆیەی بەسەردا سەپێنرا و لەهەموو ڕووەکانەوە زیانی گەورەی بەدواوە بوو، ئێران و تورکیا وەك دوو وڵاتی دراوسێ کە سنووریان بەعێراقەوەیە، بەڕێگەی نایاسایی بازرگانانی هەر سێ وڵات هاوردەو کەلوپەلیان ڕەوانەی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی دەکرد، زۆربەی ئەو هاوردانەش چ خواردەمەنی، چ پێداویستییەکانی تری ژیان لەئاست خواستی هاوڵاتیان نەبووە، زۆربەیان یان ئێکسپایەر بوون یان خراپترین جۆر بوون، ، دەسەڵاتدارانیش لەپێناو دابینکردنی پێویستییەکانی هاوڵاتیان و وەرگرتنی گومرگ نەیاندەتوانی ڕێگە لەهاوردەی خراپی بازرگانەکان بگرن، بۆیە دەکرێت بڵێین خەڵکی کوردستان لەگەڵ کاڵای خراپ ڕاهاتوون و وەك حاڵەتێکی ئاسایی چاوی لێدەکرێت.دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراق و لاچوونی گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق، سنوورەکان بەڕووی عێراقدا کرانەوە و خەڵکی بەو ئومێدەبوون لە دەست خواردنی ئێکسپایەر و کاڵای خراپ ڕزگاریان بێت.

بەڵام پێدەچێت بازرگانەکانی کوردستان خویان بەهاوردنی کاڵای خراپەوە گرتبێت، چونکە ئێستا بەشێکی بازرگانەکان ڕوولە وڵاتی چین و ئێران و تورکیا و ئەردەن دەکەن بەمەبەستی هاوردنی خواردەمەنی و کاڵاو پێداویستییەکانی تری ژیانی دانیشتوانی کوردستان.

وڵاتی چین ئەو جێگایەیە کە زۆربەی بازرگانەکان ڕووی تێدەکەن بۆ هێنانی موادی کارەبایی و جلوبەرگ و خواردەمەنی لەقووتونراو، ئێستاش بازرگانەکانی کوردستان بیریان لەڕێگاو شێوازی تر کردۆتەوە بۆ دەستکەوتنی قازانجی زیاتر، خەڵکی کوردستانیش کە لەمێژە کۆمەڵێك پیشەی دەستیان هەیە وەك دروستکردنی شاڵ و کلاش و جۆرەکانی تری شەرواڵ و مراخانی کە نمونەیان لێبراوە بۆ وڵاتی چین بۆ ئەوەی لەوێ لەسەری دروستبکەنەوە و لەکوردستان بەنرخێکی هەرزانتر بیفرۆشن.

هاوڵاتیان، زۆر نیگەرانن لە بازاڕەکان بەهۆی بەرزیی نرخ و خراپی کاڵاکانە کە پێیانوایە پارێزگارەکان و لیژنەکانی چاودێریی بازاڕ کەمتەرخەمن و لەبازرگان و بازاڕەکان ناپرسنەوە.

بەختیار حەمە سالح پێی وتم، لەهیچ شوێنێکی دنیادا بازرگانەکان هاوردەی خراپ ناهێننە وڵاتەکەی خۆیانەوە، ئەمە ئەرکێکی ئەخلاقی و ویژدانی و نیشتمانییە، هەموو پیشەیەك سنوورو یاساو ڕێسای خۆی هەیە، بەداخەوە هەموو پیشەکان بەبازرگانیشەوە کەوتوونەتە کێشەو گرفتی گەورەوە، لای ئێمە سیاسییەکان، بازرگانەکان، پزیشکەکان تەنانەت ڕۆشنبیران یەك ئامانجیان هەیە ئەویش بەرژەوەندیی شەخسی خۆیانە، کەسیش محاسەبەی کەس ناکات، ئیتر هاوڵاتی قوڕ بەسەر چی بکات. ئەگەر بەدوکاندارێك بڵێی ئەو شتە خراپە یان بۆ گرانە پەلامارت دەدات و دەڵێ منیش کڕیومە.

ئێستاش کاڵای چینی دێتە کوردستان، حەزدەکەم ڕێگەم بدەی قسەیەك بکەم، لەجیهاندا کاڵای چینی بەخراپ ناسراوە، بازرگانەکانی ئێمە دەچنە ئەوێ، داوا لەکۆمپانیاکان دەکەن کەشتێکی زۆر هەرزانیان بۆ دروست بکەن، بۆ نمونە پلاکێکی کارەبایی بایی پێنج هەزار دینار بێ ئەو لەوێ دەڵێ دانەیەکم بۆ دروست بکە کە هەزار دیناری تێبچێت کە هاتیشەوە بۆ ئێرە دەیدات بەپێنج هەزار. فێڵەکە لێرەیە شتە خراپەکەت بەئەسڵ پێدەفرۆشێت، ئەو قازانجی زۆر دەکات و باقی خەڵك زیان.

عەدنان عەزیز–ی کاسبکار وتی: کێشەکە لای بازرگان و خەڵك نییە، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە حکومەت یاسایەکی بۆ حیمایەکردنی بازاڕ نییە، جگە لەوەش لەسنوورەکانی کوردستان لێکۆڵینەوە لەو هاوردانە ناکرێ، بۆیە ئەگەر لەسنوورەکان لیژنەیەکی پسپۆر هەبێت و لەناو شارەکانیش یاسا هەبێت بۆ پاراستنی مافی کڕیار، ئەم کێشەیە زوو چارەسەر دەبێت.

ڕێبوار شەریف–ی دوکاندار ڕای وابوو لەپێشدا دەبێت لەبازرگان بپرسرێتەوە، پاشان ئەوەندە هێرش نەکرێتە سەر دوکاندار، من بلووسێك بەدەهەزار دەکڕم دەیدەمەوە بەدوانزە هەزار، دوو هەزار خێر بۆ من دەکات، کرێ دوکان و کرێ خانو و کرێی ئاو کارەبا ئەمانە هەمووی مەسرەفە بۆمن، بۆیە دەبێت حکومەت لە بازرگانەکان بپرسێتەوە.

سازان تاهیر– خوێندکاری ئامادەیی وتی: نەك خواردن و کاڵای چینی ئێستا کام کەلوپەل لەوڵاتانی عەرەبی فرێ دەدرێت و بەکارنایەت، بازرگانەکان دەیهێنن بۆ ئێمە و بەسعری ئەوروپی پێمان دەفرۆشنەوە، مۆبایلێکم کڕی بە 250 دۆلار کە لە دوبەیەوە دێت، بڕوات هەبێت دوو ڕۆژ ئیشی نەکرد، بردمەوە بۆ خاوەنەکەی، بەڵام لێی وەرنەگرتم بەحساب مۆبایلەکە تازە بوو لەنێوپاکەتدا بەڵام دەیان ژمارەی تیا خەزن کرابوو، یەکسەر دەزانی کۆنە، بەڵام بەکێ بڵێی مافت وەربگرێتەوە؟ خۆشەر ناکەیت.

سیروان ڕەئوف– وەك کاسبکارێك لەسەر ئەو ڕایە بوو کە بازاڕ مۆنۆپۆل کراوە و باسی لەوەکرد کە بەشێکی بازرگانەکان شەریکی بەرپرسەکانن، ئەمەش دەبێتە ڕێگر لەبەردەم لێپرسینەوەیان، وتی تا ئەو حاڵەتە چارەسەر نەکرێت کێشەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە.

شاهۆ کەمال–خوێندکاری زانکۆ، نیگەرانی بەرامبەر کاڵای چینی هەیەو دەڵێ: تازە خانوویەکمان دروستکردووە، زۆربەی تەئسیسی کارەباکەی چینییە بەڵام دوای ئەوەی هەموویمان داناو کارەباکە دفنکرا پاش یەك هەفتە هەمووی سووتاو زەرەرێکی یەکجار گەورەمان لێکەوت، بێ ئەوەی کەسێك هەبێ تەعوزیمان بکاتەوە، ئەمانە هەمووی لەحکومەت بەرپرسە کە دەبێت ڕێگە چارەیەك بدۆزێتەوە. حکومەت هەموو کێشەی عەرەبانەیە، شەو و ڕۆژ پۆلیس بەدوای عەرەبانەوەیە دەریاندەکات لەبەرئەوەی هەژارن و کەسیان لەپشت نییە، بەڵام قەت زاتی ئەوە ناکەن لەبازرگانێ بپرسنەوە، سەیری ئەو هەموو کۆمپانیایە بکە، چۆن جادەو بیناو نەخشەی شارەکەیان سەقەت کردووە و کەسیش لەگوڵ کاڵتری پێنەوتوون.

کاك محەمەد مەحمودی فەرمانبەر، ئەویش دادو بێدادی بوو لەدەست بارودۆخی بازاڕو کاڵای چینی و گوتی: بازاڕەکانی کوردستان بۆتە زبڵخانەی وڵاتانی ترو کام شتە خراپە بۆ ئێرەی دەهێنن، من لەم ڕۆژانەدا 40 دۆلارم داوە بەدوو شەحنی کارەبا، بڕواتان هەبێ یەکەم دانەیان یەك شەو ئیشی کردو سووتا، بردمەوە بۆ دوکاندارەکە هەر پەلاماریدام و وەرینەگرتەوە و قسەی ناشیرنیشی کرد، چووم دانەیەکی ترم کڕی، ئەویش یەکەم شەو گڵۆپێکیان لەئیش کەوت و ئەویتریان دە دەقیقە ئیش دەکات و دەکوژێتەوە، کەسیش نییە سکاڵای لابکەی، بۆیە داوا لەپارێزگاری سلێمانی و هەموو بەرپرسەکانی تر دەکەم، لیژنەیەك تەشکیل بکەن بۆ بازاڕو سزای ئەو خەڵکانە بدەن کە خەریکی تاڵانکردنی گیرفانی خەڵکن.

*لەدوای بۆچوون و قسەی ئەم هاوڵاتیانە و گەڕانی مەیدانی خۆمان بەنێو بازاڕەکاندا دەردەکەوێ کە قسەی هاوڵاتیان ڕاست و دروستە و پێشنیارەکانیان لەجێگەی خۆیدایە، بۆیە پێویستە حکومەت بیر لەدانانی یاسایەك بکاتەوە بۆ حیمایەتی مافی هاوڵاتیان و لەنێو پارێزگا یەکەیەك دابنرێ بۆ شکاتی هاوڵاتیان لەبازاڕو بازرگانان و هەر لەپارێزگاوە بەدوادا چوون بۆ ئەو سکاڵاو شکاتنامانە بکرێ، بەم ڕێگەیەش دەتوانرێ تا ئاستێکی باس سنوور بۆ بێسەرەو بەرەی بازاڕو کۆنترۆڵکردنی دابنرێت و هەموولایەك دڵنیابن.